کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 16-10-2007 1:25

## 700 ملیۆن دینار بۆ فیلمی زەهاوی سنجاوی و ئیبراهیمی سەعیدی دوای ساڵێکیش هیچ کارێکیان نەکردووە ... رزگار رەزا چوچانی

rzgarchuchani@yahoo. com

کوردستان وڵاَتێك بەقسەی حکومەت پڕ لە تەقەشوف وڵاتێك پرلە کێشەی بێپارەیی، بەڵام، ئەسڵەکەی وڵاتێکی پڕپارە و پر لە قسەی قۆڕ، وڵاتێك کە کەس بەکەس نییە و کوڕ ئەو کوڕەیە پارەی لێبکێشێتەوە، ئاخر ئەم وڵاتە ئێستا وەکو کەلاکێك وایە، هەموو کەس سەریان تێکردووە کەس نییە پاسەوانی لێبکات، کوا وڵات پارێزەکان لەکوێن؟ ئایا وڵات تەنها خەتەری تیرۆر و هەڕەشەی وڵاتانی دراوسێی لەسەربێت پیویستی بە پاراستنە؟ ئەی وێران و تاڵانکردنی وڵات، ئەی بە فیرۆدانی پارەی وڵاتێك، ئەوانە هێندەی تیرۆر خەتەر نییە لەسەر ئایندەی هەموومان؟ بە هێندەی هەرەشەی وڵاتانی دراوسێ خەتەر نییە لە بەردەوامی و سەرکەوتنی ئەم حکومەتە ساوا و بێپارەیەمان؟ باشە لەو هەموو بەناو پرۆژەیەی کە حکومەت ئەیدات بە خەڵك، لە چەند کەس پرسراوەتەوە پرۆژەکەت چەندی تێچووە و چەندت بۆ وەرگرتووە، چەند بازرگان بانگ کرانە بەردەم لیژنەیەکی لێپرسینەوە؟ چەند کەس لێپرسینەوەیان لەگەڵ کرا، لەسەر بەکار هێنان و ئیستغلالکردنی موڵك و بەها گشتییەکان بۆ بەرژەوەندی گیر فانیان،



ئەدی خۆ هەمومان دەزانین هونەر لە یەك بەها رۆحی و گشتییەکانی هەر میللەت و وڵاتێکە، بەڵام، ئەوەش دەزانین لەم وڵاتە بەداخەوە هونەر رێگایەکی ترە بۆ تاڵانکردنی وڵات، ئاخر من لە میژە هاوارمە و کەس گوێ ناگرێت کەوا خەریکە وڵات بەناوی هونەرەوە وێران دەکرێت، واخەریکە هونەریش وەکو حزبایەتی دەبێتە دەروازەیەکی دیکە بۆ گەندەڵی، کەس نییە بڵێ وایە و کەسیش نییە بڵێت وانییە، وەکو بڵێی ئەوە شتێکی ئاسیایی بێت لای هەمومان، ئاخر پێشتریش باسمکرد و دەبێت وەکو بەڵگەیەکی زیندو لە هەموو بابەتەکان بیری دەسەڵاتی بهێنمەوە، کە ماوەیەکی زۆر لەمەوبەر هونەرمەند مەهدی ئومێد، نوسراوێکی رەسمی ئاراستەی وەزارەتی دارایی رۆشنبیری کرد و پێی وتن کە گەورەترین فیلمی سینەمایی لەکوردستان خەرجییەکەی ناگاتە 250 ملیۆن دینار، ئەگەر 50 ملیۆن دیناریشی بۆ دەرهێنەرەکە دابنرێت، بەبێ خەرجی فیلمەکە، بەڵام حکومەت گوێ بەم بەرچاو رونییە نادات و بەسەدان ملیۆن دینار خەرج دەکات بۆ فیلمێك و بۆ کەسانێك کە نەیانتوانیبێت ئەزمونێکی کامڵ لەو بوارە پێشان بدەن.

لە لایەکی ترەوە وەزارەتی رۆشنبیری رایگەیاند کە میزانییە بۆ هەر فیلمێك خەرج بکەن ماوەی تەواوکردنی ئەو فیلمە دیاری دەکەن و دەبێت دەرهێنەری هەر فیلمێکیش خەرجی ئەو فیلمە بگێڕێتەوە، بەڵام دیارە ئەو بڕیارەش وەکو هەموو بڕیارەکانی تر بڕیارێکی گشتگیر نییە و هەموان وەك یەك ناگرێتەوە، نمونەی ئەو کارانەش هەن کە ئەو بڕیارە شمولی نەکردوون، بەنمونە ئەوە ماوەی ساڵێك زۆر زیاترە بەسەر وادەی کار کردنی دوو فیلمی سینەماییدا تێدەپەڕێت و لەو وەزارەتە کەس

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ناپرسێ کارەکانی ئەو دوفیلمە بەکوێ گەیشت، کە فیلمی هەردوو دەرهێنەر (ئیبراهیمی سەعیدی) و (زەهاوی سنجاوی) یە و بە هەردوو فیلمەکەش میزانییەی زیاتر لە حەوت سەد ملیۆن دیناریان بۆ دانراوە ئاخر ئەوە سەدان هەزار دینار نییە بکرێتە خاتری فلان بەرپرس، ئەوە سەدان ملیۆن دینارە و لە پارەی حکومەتێك بڕیاری لەسەر دراوە کە وەك خۆی دەڵێت توانای هاوکاری تەنها نەخۆشێکی نییە، ئەوە پارەی حکومەتێکە کە تەقەشوفی هەیە و بە هۆی بێپارەییەوە هونەرمەندان بێڕێز دەکات و ڕێز لێنانییان دەبڕێت ئەوە پارەی حکومەتێکە کە پێشمەرگە کەمئەندامەکانی بەهۆی کەم ئەندامییەوە ژیانیان لێ تاڵ بووە و پێویستیان بە پارەی چارەسەرکردنە و حکومەت نییەتی بیدات، ئاخر خۆ حکومەت بڕوای بە هونەریش نییە تا ئەو هەموو پارەیە بکاتە خاترانە، پرسیارەکە ئەوەیە حکومەتێك باس لە تەقەشوف بکات و لە هەمانکاتیش چاوپۆشی لە بڕیاری خەرجکردنی زیاتر لە حەوت سەد ملیۆن دیناری دووفیلم بکات هۆکار چییە؟ بێگومان ئەوە پرسیارێکە و وەڵامەکەشی تەنها لای جەنابی وەزیری ڕۆشنبیری و وەزارەتی دارایی حکومەتی کوردستانە.

بەڵام با ئەوەش بزانین ئەم حەوت سەد ملیۆن دینارەی ئەم دوو فیلمە، تاقانەکارێکی وەرزارەتی ڕۆشنبیری و بەڕێوەبەرایەتی سینەما نییە ئیدی بڵێین هەڵەیەکە و کردویانە، بەڵکو ئەوە مشتێکە لە نمونەی خەروارێك و دەبێت دەیان بابەتی لە سەر بنوسرێت ئیدی گرنگ نییە جەنابی وەزیر بەدەنگ دێت یانا، گرنگ نییە حکومەت پێی خۆش بێت یان ناخۆش، گرنگ ئەوەیە من کە دەمەوێ ڕۆژنامەنوسبم دەبێت ڕاستییەکان بۆ خەڵك بگوازمەوە ئەرکی خۆم بەجێ بگەیەنم من هەر لەم ستونەدا بۆ چەند ژمارەیەك هەڵوەستە لەسەر کارەکانی بەڕێوەبەرایەتی سینەما و فیلمەکانی دەکەم، ئەوکات خوێنەر دەزانێت چ مەهزەلەیەك بەناوی سینەماوە لەم وڵاتە بەرپا دەکرێت ئەو کات حکومەتیش دەزانێت کە لەلای خەڵك روونە تەقەشوف تەنها بۆ هاووڵاتی یە هەژارەکان هەیە، تەنها بۆ هونەرمەندە بێکەسەکان و تەنها بۆ گۆڤارە بێپشتەکان، هونەرمەندەکانیش دەزانن هونەر خەریکە دەبێتە کارێك شەرم بێت بۆ کاراکتەرەکانی.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.